# چارەسەری ناوچەیی  بە ترشیی ترانێکسام Tranexamsyra واتە سیکلۆکاپرۆن(Cyklokapron)

تۆ بە دەرمانی خوێنخاوکردنەوە چارەسەردەکرێیت و لەبەرئەوە ڕەنگە وا پێویستکات ترشیی ترانێکسام Tranexamsyra واتە سیکلۆکاپرۆن (Cyklokapron) بەکاربهێنیت بۆ چارەسەرکردنی ناوچەیی پاش نەشتەرگەری ددان بۆ ئەوەی ئەگەری خوێنبەربوون کەمکرێتەوە.

## ترشیی ترانێکسام Tranexamsyra

لە ڕێگای ددانپێدانانی سالغیەک کە خراوەتە ناو شلەمەنیی ترشیی ترانێکسامەوە Tranexamsyra واتە سیکلۆکاپرۆن (Cyklokapron) پاش نەشتەرگەریەکە، لە بۆشایی دەمدا توانای مەیینی خوێن زیاددەکات، بەبێ ئەوەی مەترسی خوێنمەیین لە ناو باقی لەشدا زیاد بکات.

## پێش نەشتەرگەریەکە:

ئەگەر تۆ بە وارافین **Warfarin** واتە (واران)  **(Waran)** چارەسەر دەکرێیت، دەشێت ڕێژەیەکی تازەی **PK(INR)-** لە ئارادابێت. یەک ڕۆژ پێش نەشتەرگەریەکە ڕێژەکە بە پرۆڤێک وەردەگیرێت، یان سەر لە بەیانی ئەو ڕۆژەی چارسەریەکە وەردەگیرێت.

### لە حاڵەتی خوێنبەربوونی کەمدا پاش نەشتەرگەریەکە:

- خۆت لە جوین بەدوور بگرە یان لە میانەی پرۆسەی سارێژبووندا فلْچەی ددان بدە لەو شوێنەی چارەسەرکراوە (لە باری ئاساییدا 1-2 هەفتە پاش نەشتەرگەریەکە)
- ئەگەرلە حاڵەتێکدا پێویستیت بە دەرمانی ئازارشکێن بوو، لە دکتۆرەکە بپرسە چ دەرمانێک بە تایبەت بۆ تۆ دەست دەدات.
- 1 حەبی سیکلۆکاپرۆن  (Cyklokapron) لە ناو10 میلیلیتر (2 کەوچک چا) ئاودا دەتوێنرێتەوە. سالغیەک لە ناو گیراوەەرکەدا نوقم بکە و ئینجا سالغیەکە بخەرە سەر ئەو شوێنەی چارەسەرکراوە و بۆ ماوەی 30-60 خولەک ددانی پێدا بنێ. دەکرێت ئەگەر پێویستی کرد لە شەووڕۆژێکدا 3-4 جار ئەوە  دووبارەکرێتەوە لە میانەی 1-3 ڕۆژ دوای نەشتەرگەریەکە، بە پێی ڕێنماییەکانی دکتۆرەکە.
- ئەگەر ئەمە یارمەتی نەدا ، پەیوەندی بە دکتۆری ددانەوە بکە. ئەگەر کلینیکی ددانەکە داخرابوو، زەنگ لێدە بۆ مەڵبەندی زانیارییدان بە نەخۆش **Sjukvårdsupplysningen** بە ژمارە تەلەفۆنی 1177.

### ئەگەر پرسیارت هەیە؟

پەیوەندی بە دکتۆری ددانی خۆتەوە بکە.

دکتۆری ددان:......................................................................

ژمارەی تەلەفۆن:................................................................